www.kurdistannet.org
7-7-2006 11:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## قارداش ئەربیلی زەری هاتووە ... ئازاد سۆرانی

(ئەگێرنەوە لەگوند گوێدرێژێک پەکی دەکەوێت زەعیف، لاواز کەلکی هیچی نەماوە خاوەنەکەی دەڵێت:ئەم گوێ درێژەی من کەڵکی نەماوە چاکتروایە بەرەلای بکەم تا بۆخۆی ئەتۆپێت، ئیتر گوێدرێژە بەرەلای دەکات، هەمان شت لەگەڵ حوشترێکیشدا رودەدات، ئەویشخاوەنەکەی دەکات پاش ئەوەی کەدەزانێت خێری نەماوە، ئەم دوو ئاژەڵە دەبن بە هاوڕێ پێکەوە دەژین، لە تەر دەخۆن، لەووشک دەنون، وردە وردە، هەر دووکیان هێزپەیدا دەکەن و قەلەو دەبن، رۆژێک کاروانێک لەنزیکیانەوە تێپەردە بێت، کەرە چاوی بەکاروانە دەکەوێت، دەکەوێتە جوتەهاویشتن و بەرزبوونەوە، حوشترە دەڵێت خێرە وا بەرزدەبیتەوە، گوێدرێژە دەڵێت، زەرم هاتووە، حوشترە زۆری لێدەپاڕێتەوە، دەڵێت: پیاوی چاک بە وەختی نیە، گوێدرێژە هیچ گوێی پێنادات، دەست دەکات بەزەڕە زەڕ کاروانەکە کەدەچنە پێشێ سەیریان دەکەن، هەردوکیان دەگرن و دەیان خەنە ژێر بار حوشترە ئەمە لەبیرناکات، تا رۆژێک بەرێگایاکی زۆر سەختدا تێدەپەرن دەگەنە جێگایەکی زۆر بەرز، حوشترە رودەکاتە، گوێدرێژە دەڵێت هەڵپەرینم هاتوە، گوێدرێژە دەلێت فرای شیرینم ئەمە کەی کاتی هەڵپەرکێیە، حوشترە دەڵێت: ئەی ئەوە کاتی زەرین بوو تۆ زەریت منیش هەڵپەڕکێم هاتوەچۆن تۆ زەرت هات حوشترە بەرز دەبێتەوە جوتەیەک لە گوێدرێژە دەدات لە بەرزاییەکە فڕێی دەداتە خوارێ کەس ناتوانێت بەفریای بکەوێت، قارداش ئەربیللیش هێندە پارەی شەهیدانی کوردی خواردوە زەری هاتوە،

ئەمە جگە لەوەی کەشارەزایی ئەوتۆی لەمێژووشدا نیە ئەگینا دەیزانی کاتێک کە قەلای، هەولێرو، کەرکوک دروست کراون ئاغاکانی هێشتا ئەم ولاتەیان نەدیبوو، چونکە دروست کردنی هەردوو قەلایەکە زۆر کۆن ترە لە هاتنی ئاغاکانی بۆ ناوچەکە، ئەگەر ناشیزانی ئەوا من بەخێری خۆم پێت دەڵێم، کە ئاغاکانت لەسەدەی یانزە هەمدا هاتونەتە ناوچەکە، وە هەردوو قەلاکە زۆر لەوە کۆنترن لەبەرئەوە هیوا دارم کە جارێکی تر شەکری وەها نەشکێنی، ئەگەر ئاغاکانت ئەوەندە بەدەنگی مافی مرۆڤەوە دێت، بائەم ڕستەیەی، یوسف ئەڵتاشت بۆ بنوسم کەتازە بۆ مافی مرۆڤی ناردوە دەڵێت:کێشەی کورد بە کوشتنی منداڵ چارەسەرناکرێت، خاڵێکی تریش قارداش پارەکەت لەسەر حسابی قسەی بێ سەروو پێنابێت، هێندە درۆتان کرد کە ئاغاکانیشتان باوەرتان پێنەکەن نمونە کەگوایە ژمارەی تورکمان 3، 5 بەلام ئەویش زوو ئاشکرا بوو پاش، هەڵبژاردنی گشتی ئەم دواییە ئیتر کامەوێت زۆر لەسەری برۆم چونکە پیاوی زانا ووشەیەکی بەسە.

هۆڵەندە